بەیار ڕشید: ناردنی مووچەی مانگی سێ پێویستە بە هەماهەنگی شاندی هەرێم و بەغدایە



بەیار ڕشید، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: "ناردنی مووچەی مانگی سێ پێویستە بە هەماهەنگی شاندی هەرێم و بەغدایە، ئێگەر وەفدێکی هەرێم کارئاسانی بکات پێش جەژن مووچەی مانگی ئادار دەنێردرێت".

هەروەها بەیار ڕشید لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵی کوردسات وتیشی: دوای چەندین سەردان و پێوەندیی بەرپرسانی حکومەتی فیدراڵ، تێگەیشتین لەوەی ناردنی مووچەی مانگی سێ لە چەند ڕۆژی داهاتوو پێویستە بە هەماهەنگی وەفدی هەرێمە لەگەڵ بەغداد.